The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# با یادی 27 ساڵەی تاوانی قارنێ بکەینە ڕۆژی نارەزایەتی گشتی دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان و هەندەران

## 2 ی سێپتامبر ڕۆژی ژێنۆساید کردنی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جەماوەری گەلەکەمان !
هێزە سیاسییەکان !
ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و جەماوەرییەکان!

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەمەنی نگریسی 27 ساڵەی خۆیدا ، گەلێک تاوانی بەرامبەر گەلەکەمان ئەنجام داوە . بێ ئەژمار لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمانی بە کۆمەڵ و بە تاک کوشت و بڕ کردووە . ئەو تاوانانەی کە بە ئاشکرا ئەنجامی داوە ، یاخود ئەو ئیعدامە بە کۆمەڵانەی لە گرتووخانەکاندا ئەنجامیداوە، بومباران و تۆپ باران کردنی شار و گوند شاخ و دەشتی نیشتمانەکەمان بە سەپاندنی شەڕ لە بست بە بستی ئەم بەشەی کوردستان و سەرەنجام تاوانی قارنێ لە پاڵ تاوانەکانی وەک قەڵاتان و ئیندرقاش وسەرووکانی و وسوکەند و....، بەشێوەی دڵڕەقانە تر لە هەموو تاوانەکانی دیکە ئەنجام دران ، قوربانیانی ئەم تاوانانە و زۆر تاوانی دیکە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە و کەسانی سڤیل بوون . بۆیە بە هەموو پێوەرێک ئەو تاوانانە دەچنە خانەی تاوانی ژینۆسایدەوە و بە جەنایەت دژی مرۆڤایەتی دەژمێردرێن.

ئێمە بانگەوازتان دەکەین، با هەموومان پێکەوە ڕۆژی کارەساتی قارنێ ،ڕێکەوتی 2 سێپتامبر، بکەین بە ڕۆژی بە دادگایی گەیاندنیی کۆماری ئیسلامی ئێران . ڕۆژی دژایەتیکردنی ژینۆساید کردنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان . ڕۆژی ناساندنی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک دەوڵەتی سەرکوت و ماکەی تیرۆر و ئەنجامدەری کۆمەڵکوژی بەرامبەر بە گەلی کورد و گەلانی دیکەی دانیشتووی ئێران.

بالەم ڕۆژەدا یادی تەواوی تاوانەکانی کۆماری ڕەشی ئیسلامی ئێران بەرامبەر گەلی کورد بکەینەوە. تا لەم ڕێگەیەوە سیمای دزێوی ئەم دەسەڵاتە ڕەشە زۆرتر بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بناسرێت . ئەرکی سەر شانی هەموومانە ، بە تاک و بە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مەدەنییەکانەوە، کارێک بکەین تاوانباران نەتوانن چیتر بە ئارەزوی خۆیان گەلەکەمان قەسابی بکەن .

دەبا بۆ یادکردنەوەی ئەم ساڵی ڕۆژی ژینۆساید کردنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان(2 ی 9 ) ، یەکگرتوانە بۆ کردنەوەی پەروەندەی تاوانەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر بە گەلی کورد و ناساندنی بە بیرو ڕای جیهانی تواناکانمان یەک بخەین و نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە کۆمەڵ کوژییەکانی ئەم دەسەڵاتە .

ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی کارەساتی ژێنوسایت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەینەوە کە جەماوەری گەلەکەمان خۆیان بۆ یاد کردنەوەی ئاخێزەکانی ساڵی پار و کوشتنی جەنایەتکارانەی"شوانە" ئامادە دەکەن. ئاخێز و ڕاپوونێک کە وەک مافی هەر ئینسانێک، بە شێوەی مەدەنی بەڕێوە چوون و وەک هەمیشە خەڵتانی خوێن کراو ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بە بێ ڕەچاو

**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

کردنی سەرەتایی‌ترین مافەکانی ئینسانی کوژران یا گیران . بە شێوەیەک کە هێشتا زۆر لە گیراوەکان یا بێ‌سەرو شوێنن یا لە گرتووخانەکاندا هەلومەرجیان روون نەکراوەتەوە.
لە یادکردنەوەی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دژی نەتەوەی کورد، بێگومان ناکرێ یادی تێرور کردنی سەرکردە سیاسیەکان و سەدان تێکۆشەری دیکە نەکەینەوە کە ئیمرۆکە قاتڵەکانیان جەنجەری ئاشی حکوومەتی ئیسلامیان بەدەستەوەیە و بریار دەر و بەرێوەبەری ئەم دەسەڵاتە جەنایەتکارەن.کە نموونەی هەرە دیاریان سەرۆککۆمارەکەی ئەحمەدی نێژادە. "سەرەک کۆمارێک" کە تاوانی بەشداریی لە دەستەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و لێدانی گوللەی ئاخرلە مێشکی سەدان و هەزاران زیندانیی گوللەباران کراوی لەسەرە.
ئەرکی سەر شانی هەموومانە یەکگرتووانە لە یادی کارەساتی قارنێدا ،هەموو توانا و ئیمانەکانمان یەک خەین بۆ بەدادگایی گەیاندنی بریار دەران و بەرێوەبەرانی ئەم تاوانانە.
ناوەندی چاک ئیمساڵیش وەکو ساڵانی پێشوو ، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە مەبەستی گەیاندنی هاوار و دەنگی گەلەکەمان لە ئاست بندەستی و ستەمەکانی حکوومەتی ئیسلامی و شەرمەزارکردنی ئاخوندە جەنایەتکارەکان، هەوڵدەدات بە هاوکاریی ئێوە هاونیشتمانان ، یادی کارەساتی قارنێ بکاتەوە.
بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکە پیرۆزە بانگەوازی هەموو لایەک دەکەین بۆ کاری هاوبەش.یادکردنەوەی ئەمساڵی کارەساتی قارنێ بە هاوکاری و هەنگاوی هاوبەشمان کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر ناساندنی حکوومەتی ئێران وەک حکوومەتێکی ئازادی کوژ و دژی مافی مرۆڤ .

ناوەندی–چاک( کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) 8–7–2006

www.chak.info
mailto:Chak_org@yahoo.com

pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!